# ئایا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان قابلی نوێ بوونەوویە؟! ... مەحموودحاجی عومەر/مەحمووBKC

بەشی یەکەم:



لای هەمووکەس ڕوون وئاشکرایەکە تاکە هێزێک ڕاستەوخۆ پاش شکستی شۆڕشی پێشوو توانی شان بداتە بەرباری لاری کوردایەتی، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو. لەوسەردەمەو بۆئەوساتەوەختە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشێک یاخود لەدایک بوون ودروست بوونی یەکێتیی زەرورەتێکی بابەتی و وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو. کەم تازۆر لەدوورتانزیک هەمووشمان گەواهی بۆڕۆڵی قارەمانێتی ومێژووی پڕ سەروەری یەکێتی دەدەین. جگە لەوەش سەدان کەس لەوبارەوە بابەت وپێناسی جۆراوجۆریان بۆنووسیوە. بۆیە پێویست ناکات من لەم وتارەم دا بەو مێژووە دا بچمەوە.

هێندە بەسە31ساڵەودرێژترین ڕوباری خوێن سەرچاوەکەی (ی. ن. ک) ە.

دیارەلەچوارچێوەی ئەومێژووەداولەوساڵانەداناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی چەندین ڕوداووگۆڕانکاری جیاجیاوبگرەسەرسوڕهێنەریشی بەخۆوەدیوە.

جوگرافیای ناوچەکە چەندین تیهەڵچوون ولێکترازانی لەخۆگرت، لەوانە:

یەکالابوونەوەی ململانێی سەخت ومەترسی داری هەردوو جەمسەری شەرق وغەرب بە شێوەی شەڕی سارد، بەوجۆرەی کەدیتمان!. شکستی شۆڕشی ئەیلول ودروست بوونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان وهەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ، (وەکوو موعجیزەیەک) بۆبەربەرەکانێی سێکوچکەی بەعسیان (تەعریب وتەرحیل وتەبعیس) کەترسناکترین سیاسەتی شۆڤێنیانە بوو بۆ تواندنەوەی کوردلەبۆتەی بەعس وعێراقی عەرەبیدا. !ئاڵوگۆڕەکانی سەرگۆڕەپانی ئیرانی و تیا چوونی سیستەمی شاهانشاهی و هاتنەسەرحوکمی نیزامی خومەینی ل! مئێران. گەرم بوونی شۆڕشی کوردستانی ئێران وبروزکردنی حیزبی دیموکرات وکۆمەڵەوچەندین گروهی تر. شەڕی بێ ئاکامی هەشت ساڵەی (عیراق-ئیران) . دروست بوونی pkkوخەباتی چەکدارانەی کوردستانی تورکیا. کارەساتە دڵتەزێنەکانی ئەنفال وکیمیاباران وشکستی (سەربازی) پێشمەرگانە ی شۆڕشی نوێ لەساڵی 88 وداتەپین و دارزانی تەواوی ژێرخانی کۆمەڵ. ڕوداوەکانی شەڕی کەنداوو داگیرکردن و ڕزگار کردنی کوێت. ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان وکۆڕەوی چەندین ملیۆنی و سەپاندنی پشتێنەی ئەمنی نێودەوڵەتی هێڵی36وپیادەکردنی پرۆسە ی هەڵبژاردنی گشتی. دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان وبنیاتنانی موئەسساتی ئیداری ومەدەنی وولات. گەمارۆی چەندین ساڵەی ئابوری سەرووڵات. گۆڕانی ناوی (ئیستعماری ئەمریکی) بەئامریکای زلهێزی فریادڕەسی دیموکراسی وپارێزەری مافی مر  34?□?! لوت ژەندنی ولاتانی ناوچەکەو ڕوداوەکانی شەڕی نێو خۆ ولەوچوارچێوەیەشداگەشەی خێرای بواری سەنعەتی وزانستی تەکنەلۆژیاوسیستەمەکانی کۆمپیوتەروڕایەڵە (تۆڕی) ی ئەنتەرنێت...

چەندین گۆڕانکاری تر تاکار گەیشتە تەخت وتاراج بوونی ڕژێمی لەناوچووی بەعس و گرتن و کۆتوبەندکردنی سەددام و دەستوپێوەندەکەی.. هەموئەوگۆڕانکاریانەوچەندین گۆڕانکاری تریش بەرهەمی ڕوداوەکانی زیاترلە30سی ساڵی ڕابردوون. کەلەوچوارچێوەداهەرلەسەرەتاوە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەکاروانەکەدابووە. لەو نێوەندەشدا هەندێ جارسودمەند وزۆر جاریش زیانی بەرکەوتووە.

هاوکات لەگەڵ ئەوگشتە گۆڕانکارییە دەولی وئەقلیمی ونێوخۆی یەدا، ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی وەکویەکێتیی نیشتیمانیی کورستان نەک هەرتوانی لەو وەزعەدا هەڵبکات دەکرێ بڵێین ڕۆڵی بەرچاویشی هەبووە، ئەمە گرنگە!لەکاتێکداجگەلەجوتیارانی گوندنشین وکۆمەلانی خەڵک و خاکوخۆڵی کوردستان چ فاکتەرێکی پشتیوان بۆکوردوشۆڕشەساواکەی لەئارادانەبووکە پشتی پێ ببەستێ. بەپێچەوانەی ئەوەوە بەردەوام پیلانی لەدژ گێڕدراوە!.

خاڵێکی ترکەگرنگە، ئەویش: تێڕوانینی واقیع بینانەی سیاسەتی یەکێتیی یەکەهەردەم

(ستراتیجی دووروتاکتیکی وورد) بووە بۆ (تیرۆروتیرۆریزم) . لەشەڕی نێوان بەرەی تیرۆرو بەرەی دژبەتیرۆرهەرزوویەکێتیی بەرەی دژە تیرۆری هەڵبژارد. وەلەچەندقۆناغی جیاجیادا بە گژبەرەی تیرۆرداچوەتەووەدەستپێشخەری کردووە، تەزحییەی زۆری لەوپێناوەدا داوە.

- بۆیەکەمجارولەساڵی 1982یەکێتیی یەکەمین گورزی خۆی سرەواندە هەناوی تیرۆرەوە!

- ساڵی 1993 لەگەرمەی مناوەرەی سەربازی ولەشکرکێشی ئیسلامییەکاندا، هەرلەسەر دەستی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان سەرکردایەتی و بنکردایەتی ئەوهێزانە شکستی گەورەی خوارد

کە بەئاشکرا هەڕەشەیان لە ئەمنی قەومی وپرۆسەی دیموکراسی ناوچەکە دەکرد. دواترهەرماکی وان بووبەپاڵپشتی وڵاتانی دەوروبەرناوچەی سەوزوسەربەرزی هەورامانیان کردە جێ گەرای تیرۆر. ئەوێرۆژێ گەورەترین مەعسکەری تیرۆروتۆقاندن لەوبنارە مایەی هەڕەشەومەترسی بوو، تاوانی سەربڕینی ئینسانەکان هێشتا بەهەمووکون وکەلەبەرێکی عێراق شتێکی نامۆبوو، کەچی لەسەردەستی جندولئیسلام دەیان پێشمەرگەی یەکێتی لەئاوایی
(خێڵی حەمە) ی شارەزوورلە غافڵگیریەکدا لەپشت ملەوەسەربڕدران!. هۆکەشی ئەوەبووباشیان دەزانی سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی وەکورێکخراوێکی سۆشیال دیموکرات لەبەرەی دژبە
تیرۆرەومەترسییەکی گەورەشەبۆسەرکوتکردنی بیری تیرۆریزم. سەدان پێشمەرگەی قارەمانی شی لەو پێناوە دا بووەتە قوربانی...
کەهێزەکانی ئامریکاش هاتنە ناوچەکە پشتیوانێکی باش بوون بۆوەشاندنی گورزی سەبازی لە بارەگاکانی سەرکردایەتی تیرۆر، لەمەشیاندا یەکێتیی دەستپێشخەربوو. بۆخۆیان شایەتی هەڵمەتی دلێرانەی هێزی پێشمەرگە بوون.
دیارە ئەوڕوداوانەوقۆستنەوەی ئەوهەلانەی کەدەهاتنەپێش وهەم ئەوڕوبارەخۆێنەی کە یەکێتیی بۆپاراستنی خەڵکی وئاسایشی نەتەوەییمان بەخشیویەتی، کارێکی وای کردوەکەیەکێتیی هەم لە ناوەوەخۆشەویستوخاوەنی گەورەترین بنکەی جەماوەری بێت وهەم لەدەرەوەش هەڵسەنگاندنی خۆی بۆبکرێ، ئەمەش وایکردلەنێوەندەسیاسییەگشتگیرییەکاندالەوەختابناسرێ. باشترین بەڵگەش زوو وەرگرتنی بووەکوئەندامی کارالەڕێکخراوی (سۆشیال ئینتەرناسیۆنال) .
هەرئەوهەڵوێستانەشی بوو وای دەکردکەهەردەم دوژمنانی بۆی لە پارێزدا بن. زیاترحسابی بۆ بکەن ولێ ی بترسن. بۆیەبەردەوام دوژمنیشی زۆربووە. وەبەرگەی ئەوهەمووهەڕەشەوگوڕەشە ودژایەتی ودژوارییەی گرتووە. ئەمەجگەلەململانێی جۆراوجۆری ناوخۆی حزب کە بیروڕای ئازادوفرەمینبەری وڕای جیاوازخوڵقاندویەتی ولەودرزەوە چەندین ململانێی ناشەریفانەو تکتولاتی ناڕاست وبێمانا سەری هەڵداوە هەمووشی قابیلی قبوڵ وچارەسەرکردن بووە.
هەرکاتێک ململانێکان گەیشتبنەئاستی زەق وچەقی بنبەست، هەموولالەسەررێگاچارەی گونجاو کۆک بوون. کەئەوەش دەتوانم بڵێم گەریەکێتیی ویەکێتیی بوون نەبێ زۆربەئاستەم حیزبێک هەیە بەرگەی ئەوهەموودژایەتی وململانێ وبارودۆخە بگرێ. گەواهی بۆئەوڕاستیەش هەرچی حزب وڕیکخراوی سیاسی کوردستانی وعێراقی هەیە لەم پەڕی ڕاست بۆئەوپەڕی چەپ گەر پرشێکی لەسکڵی ململانێ وبیروڕای جیاوازبەرکەوتبێ خێراتووشی لاوازی و لێکترازان و کەرتوپەرت بوون هاتووە. هەرلەکوردستان دا نموونە زۆرە بۆئەو واقیعە!!!!.
بەپێچەوانەی ئەوە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان تاکوئێستا لەگۆڕەپانەکەدائەرزشی لەهەموان لەبارترە. بۆیەدەڵێم گەربڕیارەکان بخرێنە واری پراکتیک وجێبەجێ کردنەوە بەڵێ بەدڵنیاییەوە یەکێتیی نیشتیمانیی قابیلی نوێ بوونەوەورێفۆرمە....
من پێم وایەخەڵکێکی زۆرلەجەماوەرێتی یەکێتیی ولەدەرەوەی یەکێتی یش چاویان لەئەکتیڤ بوونی بریارەکانی مەکتەبی سیاسی وکۆنگرەڕۆژنامەوانییەکەی بەڕێزسکرتێری گشتی یە. چونکە بۆچەند ساڵێکە قسەوباس گەرمە لەسەرگەندەڵی ناویەکێتیی، بەجۆرێک زۆروبۆری بە ڕادەیەک باڵی کێشاوەبەسەرچەندایەتی وچۆنایەتیدا. بۆیە وادووساڵ زیاترە لێرەولەوێ سەبارەت بەو وەزعە چەندین پرۆژەی جۆراوجۆرپێشکەش کرا. لەگەڵ ئەوەش دەیان بیروڕای جیاوازو نووسین و توانج وتەشەر لەسایتەکاندا بلاوکرانەوەودەکرێنەوە!.
وائێستاش دوای چەندین کۆڕوکۆبونەوەوپرۆژە تەقدیم کردن وبیروڕاگۆڕینەوە، لەسەرەتاکانی ئەم مانگەداولەیادی دامەزراندنی یەکێتیی دا پرۆژەبڕیارێک لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەوە گەڵاڵە کراو ڕاستەوخۆلەسەرداوای بەڕێزمام جەلال لەمیدیاکانیشدا بڵاوکرایەوە، کە وێڕای بریاری پیادەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن ودارشتنەوەی هەیکەلی ڕێکخستن، دامەزراوەیەکی نوێ بەناوی (دیوانی لێپرسینەوە) بریاری لە سەردرا. کە بەڕای من پشتیوانێکی کاریگەرو زۆرباشە بۆباقی دامەزراوەکانی تری یەکێتیی، بە تایبەت بۆڕێکخستن.
شکی تێدا نیە ڕێکخستن لەرێگای هەڵبژاردنێکی بێ غەلوغەشەوە تائاستی سەرکردایەتی ئەتوانێ پلانی پاکسازی بەرجەستە بکات. دیوانی لێپرسینەوەش بە قودرەتی بریاردان لە خوارەوە تا هەوراز دەتوانێ پلانی چاکسازی بەرقەراربکات.. واتاچۆن (پاکسازی وچاکسازی) تەواوکاری یەکترن بۆنەهێشتن وبەگژاچوونەوەی گەندەڵی، (مەکتەبی ڕێکخستن ودیوانی لێپر سینەوەوە) ش تەواوکەری یەکتری دەبن بۆچەندایەتی وچۆنایەتی، بۆنوێ بوونەوەی خوێنی تازە، بۆپەرەپێدان وگەشەکردن، وەک بڕیارەهەنگاوی یەکەم لەسە! رەتای مانگی داهاتووشدا دەست بە پرۆسەی هەڵبژاردن بکرێت. بەوهیوایەی بەسەرکەوتوویی وبەدڵی دۆست بێت....
بەڵام ئەرکی ئۆرگانەکانی ڕێکخستنە-:
1- کارێکی وابکرێ لەخوارەوەتاسەرەوە کەسانێک بۆڕێکخستن هەڵبژێردرێ لەسەربنەمای (کەسی شیاوبۆشوێنی شیاو بێت) . ئەویش بەوەدەبێ هەرلەئێستاوە ڕێگابگیرێ لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بەشێوەی ڕیکلامی ناشەرعی، نەک کەسانێک لەسەرئەساسی: تەکتولات-عەشیرەت-خزم خزمێنە-پارەوپول- وەعدوپەیمانی درۆوتەماحی شەخسی- بەدەستەگەری، هەندێ خەڵکی کەم بایەخ ونەخوێندەوارو

(ئوممی) بەکاری ڕێکخستن سەربخریٚ ولەبری خزمەت کردن ببێتە باربەسەرملی یەکێتییەوە. ئۆباڵەکەشی لەئەستۆی ئۆرگانەکانی خوارەوەیە ئەوە ساغ بکەنەوە! گرنگە ئەم کۆنفرەنسە سەرکەوتووتربێت لە کۆنفرانسەکانی ساڵانی پێشووتر.

2- گرنگە بنەمای (دەست ودەم وداوێن پاک) ی وکەسایەتی باش (شەخسییەت) لەبەرچاوبگیریٚ. کەئەوەش ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکان وچەمکی یەکێیی بوون، وەک لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە.

3- ڕەچاوکردنی وەعی وهوشیاری کەیەکێکەلەڕوکن ومەرجەسەرەکیەکانی کادر بەتایبەت لە ئاستی کۆمیتەوەبۆسەرەوە. گرنگە کادرتوانای بەستنی سیمیناروکۆڕوکۆبونەوەی فکری وگفتو گۆی سیاسی ومقابەلەو کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری هەبێت. بەتایبەت لەئاستی کۆمیتەوکەرتە کاندا کەئەویٚ (خاڵی گەیاندن) وگۆڕینەوەی نێوان بیروڕاکانی حیزب وداخوازیەجەماوەرییەکانە. پایگای بنچینە یی ڕێکخستنیش لەوێوە پتەو دەکریٚ.

4-هیچ هەڵبژاردنێکمان بێ کەموکورتی نەبووە، خراپ ترین کەموکورتیمان ئەوەبووەکەهەر کادرێک لەهەرئۆرگانێکدا دەرنەچوویێت، وامان پەروەردەنەکردووەکەبە گیانێکی وەرزشکارانە دەرنەچوونەکەی وەربگریٚ!کادرمان هەبووە بەدەست لە پشتدانی تەکەتولات گرفت وکێشەشی دروست کردووە، بێئەوەی ئیجرائاتی لەگەڵ بکریٚ دوای ماوەیەک هێنراوەتەوە، یاخودلەشوێنی باشتر کاری باڵاتری پێدراوە. (نەبای دیوەنەباران) ئەمە نەخۆشییەکەوحەق نیە ڕێگە بدەین دووبارە بێتەوە. لەم حاڵەتە پرۆسەی هەڵبژاردن شەرعیەت لەدەست دەدات. بۆئەم خاڵە (ڕۆشنبیری ڕێکخستن) ڕۆڵی دەبێت.

5- لەهەمووهەڵبژاردنێکی ڕێکخراوەییدازۆرجارکۆمەڵەکەسانێک بۆزیادکردنی دەنگو وەلائی شەخسی قوتکراونەتەوەوپاش هەڵبژاردنیش هیچ ئیلتیزاماتێکیان بەهیچ ئۆرگانێکی حیزبییەوە نەماوەوئامادەش نەبوون دینارێک ئابوونەش بەڕێکخستن بدەن!. پێویستە ئەم هەڵبژاردنە ڕێگا لەودیاردە دزێوانەش بگریٚ.

6- لەمەڕتەشکیلەی نوێی مەڵبەند:-

مەڵبەندی ڕێکخستن بەوپێیەی گەورەترین ئورگانی ڕێکخراوەییە بۆسەرپەرشتی کردنی سەرجەم ڕێکخستنەکانی یەکێتیی لەسنورێکی بەرفراوانداوئەرکی جێبەجێ کردنی سیاسەتی یەکێتی یەلەناوچەکەدا. جاران لەسەرئەساسی پارێزگاوسنوری بەرفراوان و ئێستالەسنوری دیاری کراوی قەزایەکدابەرپرسیارەلەکاروچالاکیەکانی کۆمیتەکانی سنوری ئیداری قەزاکە. بەڕای من ئەم تەشکیلەنوێیەگەرچی تۆزێک کشانیشەلە پەیڕەوی ناوخۆی دەرچووی کۆنگرەی دووەم!بەڵام پێم وابێ کارێکی باش وبیرۆکەیەکی سەرکەوتووە، بەتایبەت بۆئەم سەردەمە. وەبە پێی ئەزموونی ڕابردووش لە پێناوخزمەتگوزاری وباشترئەکتیڤ بوونی کارەکان و لەنزیکەوە بە ئاگابوون لە پێشنیارو داخوازی وکێشەوگرفت و ـ 8cیروبۆچوونی کۆمەلانی خەڵک ئەم تەشکیلەنوێ یە سەرکەوتووترە، بەومەرجەی کادرەکان هەڵسوڕاوتر، کراوەترومەیدانی ترىن. بەم شکلیەتە دەتوانریٚ خزمەتی باشترپێشکەش بکریٚ. لەهەمووی گرنگ تر:- بریاری دەستنیشان کردنی لێپرسراوی مەڵبەند لەخەڵکی ناوچەکەولە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندالەلایەن ڕێکخستنەکانی سنورەکەوەنەک بەتەعین ودامەزراندن. ئەمەش بریارێکی حەکیمانەیە. لێرەدامەڵبەند وەکوکۆمیتەیەکی گەورەوایەکەدەسەڵاتی زیاترە، دەستکراوەترە، بێ بەربەست ڕاستەوخۆتەماس وبەرخوردلەگەڵ مەکتەبی ڕێکخستن ومەکتەبی سیاسی دەکات. زووتر داخوازیە جەماوەرییەکانی خوارەوە دەگات.

جاران لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی مەڵبەندا تاکوودەنگوباس وپێشنیارەکانی چەندکۆمیتەیەکی دوورەدەستی قەزاو ناحیەجیاجیاکان ئەکرانە ڕا پۆرتی تێروتەسەل وئامادەئەکراودیراسەدەکرا ودەنێردرا، بەشێکی زۆرلە پێشنیارەکان لەبیر دەچوونەوەونسبەتێکی کەم جێی خۆی دەگرت. ماوەتەوەبڵێین بۆئەم تەشکیلە نوێیەتەنهابە پێی پێویست وبەڕێژەیەکی کەم کادردیاری بکرێن بۆ مەڵبەندولە تەعین کردن وزۆروبۆری بپارێزریٚ!. هەمووکات چەندکەسێکی مەیدانی کاری چەندان کەسی مەکتەبییان کردووە.

7-مەکتەبی ڕێکخستن:-

تاکە تێبینی یەکم هەیەلەسەرمەکتەبی ڕێکخستن، ئەویش لەوبڕگەیەی کەلەبریارەکەداهاتووەلە مەڕدەستنیشانکردنی ئەندامەکانی مەکتەب کەتا9نۆئەندام بن ولەسەربنچینەی دەڤەرەجیاجیاکانی کوردستان دیاری دەکرێن.... .... ....

ماویەتی.... .... ....

مەحموودحاجی عومەر/مەحمووBKC
lashkr10@hotmail. com
سوێد
2006/6/26